# شەوی هاپشتی لەگەڵ پەنابەرانی کورد
# لەگەل پشتیوانی گەورە بەروو روو بوو

لەدریژەی کەمپینی فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی دژ بە گیرانەوەی زۆرە ملی پەنابەرانی عیراقی لە بەریتانیا، وهاوکات لەپیناو راکیشانی هاوپشتی هەرچی زۆرتری ئەحزاب و ریکخراوە ئیسنانی‌یەکان و کەسایەتی‌یەکان بۆ خواستەکانی پەنابەران و فشار هینان بۆ حکومەتی بریتانیا، شەوێکی هاوپشتی لەگەل پەنابەرانی کوردی عیراقی لە لەندەن بەرپا کرا.

سەرەتا (ئیبراهیم محمد) لەوتەیەکدا ئامانج و گرنگی شەوی هاوپشتی بۆ ئامادەبووان روون کردەوە و تیدا ئاماژەی بەپیویستی ریکخراوبوون ویەکگرتووی ریزەکانی پەنابەرانی‌دا وهەروەها لەبارەی هەولدان بۆ توندو تۆڵ کردنەوەی کاری پێکەوەیی و هەولدان بۆراکیشانی هاوپشتی یەکیتییە کرێکاری یەکان و رێکخراو ولایەنە ئینسانی یەکانی بەریتانیا لەکەمپینی فدراسیۆن پیداگری‌کرد.

پاشان (دەشتی جەمال) بەرپرسی فدراسیۆن قسەو باسێکی کرد لەسەر سیاسەتی ناردنەوەی زۆرە ملی وراگرتنی پەنابەران لەگرتووخانەکان وهەروەها ئاماژەی بە کۆمەلەی ئەو کارو چالاکیانەدا کەفدراسیۆن لەماوەی چەند رۆژی رابردوودا بەدژی ئەم سیاسەتەی دەولەت کردونی پاشان بەسەرنجدانی لە ئەوزاعی سیاسی عیراق و کوردستان و هۆکارەکانی ئاوارەیی، دەیان بەلگەی لەراستای بەدرۆخستنەوەی تەبریراتەکانی حکومەتی بریتانیا، خستەروو. لەدریژەی‌قسەوباسەکاندا دەشتی جەمال لەبارەی وەزعی ناهەمواری پەنابەرانەوە دووا و لاپەرەکانی هەمووئەو بیرەوەری و رۆژگارە تالانەی هەلدایەوە کەگۆشە ی ترسناك و ناهەموارەکانی ژیانی پەنابەریان وێنە دەکرد چ لە کاتی سەفەرو چ دوای نیشتەجی بوونیان لە وڵاتی بەریتانیا. پاشان تەئکیدی لەوەکرد کە مافی پەنابەری و هەقی نیشتە جیٚ بوون مافی رەوای هەموو پەنابەریکەو ئەمەش دەستکەوتێکە کەبەخەباتی چەپ و ئازادی خوازی ئەم وولاتانە بەدەست هاتووە وئیستاش بۆ سەپاندنەوەی دەبی پەنابەران هەول و تیکۆشانی خویان گرێبدەنەوە لەگەل رێکخراوە پەنابەری و ئینسانی و یەکیتی کرێکاریەکان وهەموو ئەو ئینسانە ئازادخوازانەی مەسەلەی پەنابەران بەمەسەلەیەکی ئینسانی دەبینن. لەکۆتایشدا دەشتی جەمال سەرنجی ئامادەبووانی بۆ کەمیپنی فیداسیون راکیشاو داوای لەپەنابەران کرد کەخۆیان پەیوەست کەن بەریزەکانی فیدراسیۆنەوە و تیبکۆشن کارو چالاکی‌یەکانی ئەم کەمپینە بەدەستەوە بگرن و تقویەتی بکەن، بەتایبەتی ئەمە تەنها ریگاچارەی گەیشتنی پەنابەرانە بەخواستەکانیان.

لەبەشێکی تری بەرنامەکانی ئەوە شەوەدا پەیامی چەندین لایەن خویندرایەوە لەوانە بەریز خەسرەو سایە، لەووتەیەکدا پەیامی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراقی پیشکەش کرد و پشتیوانی بۆ خواستەکانی پەنابەر و کەمپینی فیدراسیۆن راگەیاند. بەدوای ئەودا پەیامی جین لامبیرت ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپاو پەیامی جان مکدونالد ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیاو و کەمپینی دژ راسیزم و فاشیزم خویندرایەوە، پاشان پەیامی (سەوسن سەلیم)بەرپرسی رێکخراوی ژنانی پەنابەرانی کورد پیشکەشکرا وئینجا جەمال کەمانگەر، لەوتەیەکدا پەیامی پشتیوانی رێکخراوی سەرتاسەری پەنابەرانی ئیرانی پیشکەش کرد.

پاشان لەکۆتای پەیامەکان ( ئیراهیم محمد) بە ئامادەبووانی راگەیاند لەخۆپشاندانی فدراسیۆن کەلە 8–9–2005 بەردەم هۆم ئۆفیس بەرپا دەکریٚ دژ بەگیرانەوە پەنابەران بەشداری بکەن.

بەشی دووەمی ئەم شەوە تەرخان کرا بۆ ئاهەنگ و پێشکەشکردنی گۆرانی وسەماو خواردن و خواردنەوە ، شەوی هاوپشتی لەنیو شۆرو شەوقی ئامادەبوان کۆتای هات.

فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی\بریتانیا

**2005–9–6**